مژدانەم بەوە ئەدا کە ناکۆکی‌و جیاوازیەکان لەناوچوە، کەچی کاتێك کە هاتمەوە بۆ ماڵەوە لەدوای دوو رۆژ بیستم بەدەمەوە هەڵبەستیان بۆ نوسراوەکە کردەو وتویانە: (ماڵی کازم مەلا عەلی یە، ئەحمەدیش تەنها قسەبێژەو کاری نایندەیە). بۆیە تێگەیشتم کە ئەوان تەنها مەبەستیان نانەوەی ناکۆکی‌و فیتنەیی یە..."

پاشان مەلا ئەحمەد باس لەو شتانە دەکات کە دواتر بەسەر قورەتلعەیندا هاتوەو دەڵێت: ".... پاشان لەدوای ئەوەی کە لەناو خەڵکیدا هەواڵەکەی بلاوبویەوە کە ئەو چ شتێکی کردوە، خەڵکی تێکچون‌و شڵەژان‌و بە دادوەریان وت کە ئەو کەسێکی گومرایەوە خەڵکی دەگۆڕێت. بۆیە لە شورا[1] کۆبونەوەو وەهایان بەباش زانی کە بیبەن، بۆیە لەماڵی میرزا هادی ئەهری هێرشیان کردە سەری ئەویش هەڵهات بەرەو ماڵی سەید سلاوی خوای لێبێت –مەبەستی لە سەید کازم روشتی یە– چوە لای ئەوان، کۆمەڵێك هاتن کە لەنێویاندا حاجی مەهدی کمونە بو، لەگەڵ مەلا عبدالجلیل قازی‌و سەید سەعیدی کوڕی سەید سابت، لەماڵی سەیدەوە بردیان‌و لە ماڵی حاجی مەهدی کمونە زیندانیانکرد، بۆ چەند رۆژێك لە زینداندابو، ئەو هەواڵەشیان بە دادوەر راگەیاند، لەبەر ئەوەش کەوا ئافرەت بو زۆریان لێنەکردو ئازادیانکرد. لەو رۆژانەدا لە ماڵەوە دانیشتبوم هەندێ

[1] شورا: شرێتی راوێژکردن. وەرگێڕ

